گـۆڤـاری زانـکـۆی راپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: 10.26750/gajhhj38

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 10/12/2023
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 24/01/2024
ڕێـکەوتی بڵاو کردنەوە: 29/08/2025

# ڕەنگدانەوەی هەواڵی تەناهیی لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا

**هۆشیار أحمد محمود[١] - سیروان أنور مەجید[٢]**

serwan.majeed@epu.edu.iq - hoshyar.mam20@epu.edu.iq

[١+٢] بەشی تەکنیکی کارگێڕی میدیا، کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختەی توێژینەوە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (ڕەنگدانەوەی هەواڵی تەناهیی لە ماڵپەڕە کوردییەکاندا)، بریتییە لە دیاریکردنی ئاستی گرنگیدانی وێبسایتە کوردییەکان بە هەواڵی تەناهی لە هەرێمی کوردستان و ئەو ڕۆڵەی ماڵپەڕە کوردییەکان لە خستنەڕوی زانیارییە تەناهییەکان دەیگێڕن. وێڕای دەستنیشانکردنی جۆری ئەو تاوانانەی زۆرترین مەترسییان لەسەر کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان هەیە، لەگەڵ نیشاندانی شێوازی خستنەڕوی زانیارییە تەناهییەکان لەڕوی فۆرم و شێوە.

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر ڕێبازی وەسفی شیکاریی گرتوەتەبەر و فۆرمی ناخشیکاریی وەك ئامرازی سەرەکی بۆ کۆکردنەوەی داتاکان بەکارهێناوە. هەمو ئەو هەواڵە تەناهیانەی لە ماڵپەڕە کوردییەکان بڵاودەکرێنەوە، وەك کۆمەڵی توێژینەوەکە وەرگیراون و بەشێوەی ساڵی دەستکرد 779 هەواڵی تەناهیی لە هەردو ماڵپەڕی کوردستان24 و NRT وەك مشتەی توێژینەوە لە ماوەی هەر دوازدە مانگی ساڵی 2022ی وەرگرتوە.

توێژینەوەکە بە کۆمەڵێك دەرەنجام گەیشتوە، گرنگترینیان بریتییە لە: پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان دەزگا تەناهییەکان و دامەزراوە میدیایەکاندا هەیە و ماڵەپەڕە کوردییەکان تارادەیەکی زۆر گرنگی بە بڵاوکردنەوەی هەواڵە تەناهییەکان دەدەن، هەڕەشە تەناهییەکانیش لەسەر سەقامگیری کۆمەڵگەی کوردستان جۆراوجۆرن، بەڵام هێرش و پەلاماری وڵاتانی دراوسێ لە پلەی پێشەوەن.

**کلیلە وشەکان:** ڕەنگدانەوە، هەواڵ، تەناهی، ماڵپەڕە کوردییەکان.

# The Reflection of Security-Related News on Kurdish Websites

Hoshyar Ahmad Mahmoud - Serwan Anwar Majeed

[1+2]Technical Department of Media Administration, Technical College of Administration, Erbil Polytechnic University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

The objective of this study, titled ‘The Reflection of Security-related News on Kurdish Websites,’ is to determine the extent to which Kurdish websites focus on security news in the Kurdistan Region and the role these websites play in presenting security information. Additionally, this study seeks to identify the types of crimes that pose a threat to Kurdistan's society and examines how security information is presented in terms of format and structure. In this study, descriptive analytics was employed by the researcher, with the mapping form being utilized as the primary tool for data collection. A sample of security news published on Kurdish websites was taken to represent the study, specifically 779 hypothetical year and security news articles from both Kurdistan24 and NRT websites during the twelve-month period of 2022.

The study yielded several significant conclusions, the most noteworthy of which are as follows: a strong correlation exists between security agencies and media institutions, Kurdish websites demonstrate considerable interest in the dissemination of security news, and the stability of Kurdish society faces diverse security threats, with attacks from neighboring countries being of utmost importance.

**Keywords**: Reflectiion, News, Safety, Kurdish Sites

## پێشەکی:

ئەم تویژینەوەیە لە ئاستی گرنگیپێدانی ماڵپەڕە کوردییەکان بە هەواڵە تەناهییەکان و خستنەڕوی مەترسییە تەناهییەکان دەکۆڵێتەوە.

ئامانجی توێژەر لە هەڵبژاردنی ئەم بابەتە، بۆ ئەوەیە لەڕێگەی ئەم توێژینەوەیە ڕۆڵی ماڵپەڕە کوردییەکان لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی تەناهی وەك یەکێك لە لقەکانی میدیای تایبەتمەند بخاتەڕو، کە پەیوەندییان بە ئاسایش و سەقامگیری هەرێمی کوردستانەوە هەیە. لە لایەکی دیکەشەوە نیشاندانی قەبارەی تاوانە جۆراوجۆرەکان و هەمو ئەو هەڕەشانەی ڕەهەندی تەناهییان هەیە و بە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی دەزانرێن. ئامانجێکی دیکەی ئەم توێژینەوەیە دەستنیشانکردنی ڕۆڵی میدیایە لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەناهی بۆ جەماوەر.

هەرچی بەشی دووەمە، لایەنی تیۆری توێژینەوەکە پێکدەهێنێت و بە وردی باس لە بابەتی میدیا بە گشتی و میدیای تەناهی وەك لقێکی میدیای تایبەتمەند کراوە و هەمو ئەرك و بنەما و ڕێکارەکانی گرنگیدانی دەزگا میدیاییەکان و گرنگیی پەیوەندیی نێوان جەماوەر و دەزگا میدیاییەکان و دامەزراوە تەناهییەکانی خستوەتەڕو.

بەشی سێیەمی توێژینەوەکە تایبەتە بە لایەنی پراکتیکی. لەو بەشەدا توێژەر شێوازی نەخشکاری و لە ڕێگەی ئامادەکردنی فۆڕمێك بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆك وەك ئامرازێك بۆ توێژینەوەکەی بەکارهێناوە و لە ژمارەیەك خشتەی ئاماریدا بە بەکارهێنانی یەکەی توێژەکانی (چی گوتراوە؟ و چۆن گوتراوە؟) ئەنجامەکان خراونەتەڕو.

هەرچی بەشی چوارەمە، بۆ دەرەنجامەکان، ڕاسپاردەکان، لیستی سەرچاوەکان و پاشکۆکانی توێژینەوەکە تەرخانکراوە.

## پاژی یەکەم:

## 1.1. ڕێبازنامەی توێژینەوەکە

### 1.1.1. کێشەی توێژینەوەکە:

کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە ناڕونی لە ئاستی ڕەنگدانەوەی هەواڵی تەناهیی لە ماڵپەڕە کوردییەکان، ئاخۆ تا چەندە ماڵپەڕە کوردییەکان لە ئاست هەڕەشە تەناهییەکان چاوکراوەن و گرنگی بە هەواڵی تەناهیی دەدەن و چ پەیوەندییەك لە نێوان بوارەکانی میدیا و تەناهیدا هەیە؟ تا چەندە ماڵپەڕە کوردییەکان توانیویانە لە ڕێگەی هەواڵە تەناهییەکانەوە مەترسییەکانی سەر قەوارەی هەرێمی کوردستان بە بە جەماوەر و باوترین جۆرەکانی ئەو مەترسییانە کامانەن؟

### 1.1.2. گرنگیی توێژینەوەکە:

هەرچەند وەك گوزارشتێکی ڕۆژانە دەستەواژەی میدیای تەناهی لەناو کۆمەڵگە بوەتە زاراوەیەکی باو، بەڵام ئەنجامدانی توێژینەوە بۆ دیاریکردنی ئاستی پەیوەندی نێوان ئەو دو چەمکە، واتە (میدیا و تەناهی) و کاریگەریان لەسەر یەکتر وەك پێویست نەبوە. بۆیە گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم لایەنانەی خوارەوە دەردەکەوێت:

**یەکەم: لە ڕوی زانستییەوە:** ئەم توێژینەوەیە دەبێتە دەروازەیەکی واڵا و زانستیانە بەڕوی وردبونەوە لە "میدیای تەناهی" و دیاریکردنی هێزی پەیوەندی نێوان هەردو چەمکەکان و کاریگەرییان بەسەر یەکەوە و تێپەڕاندنی سنوری میدیا و تەناهی بە واتا کلاسکییەکەی، هەروەها دەروازەیەکە بۆ ئەوەی توێژەران شرۆڤەی وردتر بۆ قەیرانە تەناهییەکان و لێکەوت و مەترسییەکانی بکەن.

**دوەم: لە ڕوی پراکتیکییەوە:** زۆربەی توێژینەوەکانی پێشو بە چەمکە گشتییەکەی "میدیای تەناهی" لێکۆڵینەوەیان کردوە، لەکاتێکدا ئەم توێژینەوەیە وردتر شرۆڤەی هەواڵی تەناهیی کردوە و پەنجەی خستوەتە سەر هەستیارترین ژانری میدیایی کە لە هەمو هونەرەکانی دیکەی میدیا کاریگەری زیاتری لەسەر جەماوەر هەیە.

### 1.1.3. ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەدا پوخت دەکرێنەوە:

1. زانینی ئاستی ڕەنگدانەوەی هەواڵی تەناهی لە ماڵپەڕە کوردییەکان.
2. خستنەڕوی ئەو شێوازە جیاوازانەی فۆرم، ناوەڕۆك و ستراکچەرانەی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی تەناهیدا کارا و گرنگن، لەوەی تا چەندە میدیای کوردی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی تەناهیدا پشتیان پێ دەبەستێت.

3. بەرچاوکردنی شێوازەکانی پەیوەندی و متمانەی نێوان میدیا و دەزگاکانی تەناهی کە بۆ زاڵبون بەسەر دۆخە تەناهییەکاندا گرنگن.
4. خستنەڕوی کاریگەرییەکانی ژینگەی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوری هەرێمی کوردستان بۆ بەکارهێنانی میدیا لەلایەن دەزگا تەناهییەکانەوە بۆ گەیاندنی پەیامی تەناهی لە کاتی قەیرانەکاندا.

## 1.1.4. جۆر و ڕێبازی توێژینەوەکە:

### یەکەم: جۆری توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوە وەسفییەکانە، بەو پێیەی باشترین و گونجاوترین جۆری توێژینەوەیە بۆ توێژینەوەکانی بواری میدیا، چونکە وەسفی دیاردە و بابەتەکان دەکەن و ئەنجامێکی دیاریکراو بە دەستەوە دەدەن.

### دوەم: ڕێبازی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە پشتی بە ناخشیکاری بۆ ناوەڕۆکی هەواڵە تەناهییەکان بەستوە، لە ڕوی چەندێتییەوە.

## 1.1.5. کۆمەڵ و مشتەی توێژینەوە:

**یەکەم: کۆمەڵی توێژینەوە:** هەمو ئەو هەواڵە تەناهیانە دەگرێتەوە، کە لە ماڵپەڕە کوردییەکانی هەرێمی کوردستان بڵاودەکرێنەوە.

**دوەم: مشتەی توێژینەوە:** بریتییە لەو هەواڵە تەناهیانەی لە هەردو ماڵپەڕی K24 و NRT بڵاودەکرێنەوە.

## 1.1.6. سنوری توێژینەوەکە:

**یەکەم: سنوری شوێن:** هەواڵە تەناهییەکانی سەرانسەری هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە.

**دوەم: سنوری کات:** هەمو هەواڵە تەناهییەکانی هەردو ماڵپەڕی کوردستان24 و NRT لە ڕێکەوتی 2022/1/1 تا 2022/12/31 دەگرێتەوە.

**سێیەم: سنوری بابەت:** تایبەتە بە دیاریکردنی ڕەنگدانەوەی هەواڵی تەناهی لە ماڵپەڕە کوردییەکان، و خستنەڕوی زانیارییەکان لەڕوی شکڵ و ناوەڕۆکەوە.

## 1.1.7. ئامرازەکانی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر فۆرمی ناخشیکاری و تێبینی وەك دو ئامرازبۆ کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهێناوە.

## 1.1.8. توێژەکانی شیکردنەوە:

هەمو ئەو توێژانەن، کە پەیوەندییان بە دیاریکردنی چوارچێوەی بابەتەکەوە هەیە و هەمو ئەو میکانیزمانە دەگرێتەوە کە یارمەتی دیاریکردنی بابەتەکە و شیکردنەوەی دەدەن. توێژەکانیش بریتین لە:

**یەکەم: توێژەکانی شیکردنەوەی (چی گوتراوە):** پەیوەستن بە سروشتی ئەو هەواڵ و زانیارییانەی لەبارەی بابەتە تەناهییەکان بڵاودەکرێنەوە.

**دوەم: توێژەکانی شیکردنەوەی (چۆن گوتراوە):** پەیوەستن بە لایەنی هونەری و میکانیزمی خستنەڕوی هەواڵە تەناهییەکان و شێوازی شرۆڤەکردنی زانیارییەکان لە ناواخنی هەواڵدا.

## 1.1.9. ڕێکارەکانی ڕاستگۆیی و جێگیری:

بۆ دڵنیابونەوە و پێوانەکردنی ڕاستگۆیی، توێژەر ئەم هەنگاوانەی خوارەوە گرتوەتەبەر:

- دانانی فۆڕمێك بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی هەواڵە تەناهییەکان.

- پێوانەکردنی ڕاستگۆیی ڕواڵەتیی بەکارهاتو بۆ پێوانەکردنی ڕاستگۆیی و جێگیری فۆڕمەکە، لە ڕێگەی دوبارە دارشتنەوە و پۆلێنکردنەوەی توێژ و یەکەکانی توێژینەوە و پێناسەکردنی ئەو توێژ و یەکانە.

- بۆ دڵنیابونەوە لە جێگیری فۆڕمی شیکردنەوەی ناوەڕۆك و بڕیاردان لەسەر گونجاوی توێژەکان، فۆڕمەکە خرایە بەردەست ئەم پسپۆڕ و شارەزایانەی خوارەوە:

| ژمارە | ناوی پسپۆڕان | پسپۆڕی | پرسیارە دروستەکان | پرسیارە نادروستەکان | ڕێژەی سەدی ڕاستییەتی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | پ.د. هێرش ڕەسول موراد | ڕاگەیاندن | 12 | 4 | %75 |
| 2 | پ.ی.د. عەبدلخالق ئیبراهیم مصطفی | ڕاگەیاندن | 15 | 1 | %93.75 |
| 3 | پ.ی.د. بەهات حەسیب قەرەداغی | ڕاگەیاندن | 13 | 3 | %81.25 |
| 4 | پ.ی.د. نەزاکەت حەمە سەعید | ڕاگەیاندن | 14 | 2 | %87.5 |
| 5 | پ.ی.د. ئازاد عەبدولعەزیز | ڕاگەیاندن | 15 | 1 | %93.75 |
| کۆی گشتی | | | 69 | 11 | %86.25 |

## 1.2. توێژینەوەکانی پێشو:

**1.2.1.** توێژینەوەی (إيهاب ربحي الغصين 2012) (أثر إعلام الأمني على أداء العاملين في الأجهزة الأمنية في قطاع غزة).

ئامانجی توێژینەوەکە هەوڵدانە بۆ زانینی واقعی گشتیی تەناهی و کاریگەرییەکەی لەسەر هاندانی کارایی کارمەندانی تەناهی لە دەزگا ئەمنییەکانی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ لە کەرتی غەزە و پرسیاری ئەوە دەکات، کە تا چەندە هەواڵی ئەمنی کاریگەری لەسەر ئەدای کارمەندانی دەزگا ئەمنییەکانی کەرتی غەززە هەیە؟ گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکەش بریتییە لە: سیاسەتی میدیای تەناهی کاریگەرییەکی کەمی لەسەر کارایی کارمەندانی دەزگا تەناهییەکان هەیە و وەزارەتی ناوخۆ لە کەرتی غەزە سیاسەتێکی ڕون و ئاشکرای میدیای تەناهیی بۆ فەرماندە باڵا و مامناوەندەکانی دەزگا تەناهییەکان نییە و هەمو پرسە پەیوەندیدارەکانی وەزارەتی ناوخۆ لەخۆ ناگرێت.

**1.2.2.** توێژینەوەی (نجم الدين عبد الله اسماعيل) (إستراتيجيات الإعلام و فاعليتها في تعزيزالأمن القومي السوداني).

ئامانجی توێژینەوە زانینی چەمکە ستراتیژیەتەکانی میدیا و پلانی هەردو ڕادیۆی (صوت القوات المسلحة و ساهرون)ە، کە پاڵپشتی لە ئاسایشی نەتەوەیی لە سودان دەکەن و توێژەر هەوڵیداوە ئاستی پابەندبونی دەزگا میدیاییەکانی سودان بە جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی لەبواری میدیای و ئاسایشی نەتەوەیی دیاری بکات و گرنگترین پرسیاری ئەوەیە: هەردو ڕادیۆی (صوت القوات المسلحة و ساهرون) پەیڕەوی چ ستراتیژیەتێکی میایدیی دەکەن بۆ بەهێزکردنی ئاسایشی نەتەوەیی لە سودان؟. ئەنجامەکانی تویژینەوەکەش بریتین لە: سیاسەتی سەربازی کۆتوبەندکراوی میدیای سەربازی وایکردوە هەردو ڕادیۆی (صوت القوات المسلحة و ساهرون) نەتوانن لە ئاست بەهێزکردنی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییدا بن.

**1.2.3.** توێژینەوەی (کاروان محەمەد صدیق محمد عەلی) (التعرض للصحف الكوردية الأليكترونية وعلاقته بمستوى المعروفة بقضايا الإرهاب لدى الشباب العراقي)

ئامانجی ئەم توێژینەوە بۆ دەستنیشانکردنی قەبارەی بەرکەوتنی گەنجی عێراق بۆ ڕۆژنامە کوردییە ئەلیکترۆنییەکان. هەروەها پرسیاری ئەوە دەکات، کە ئاستی مەعریفی سامپڵی توێژینەوە لەبارەی پرسەکانی تیرۆر لە ڕۆژنامە کوردییە ئەلیکترۆنییەکان لە چ ئاستێکدایە؟ وبەو ئەنجامە گەیشتوە، کە بەرکەوتنی گەنجی عێراق بۆ ڕۆژنامە کوردییەکان خوار ئاستی مامناوەندە.

## 1.2.4. تاوتوێی توێژینەوەکانی پێشو:

لە ئەنجامی خوێندنەوەیەکی ورد و بەراوردکاری لە نێوان توێژینەوەکانی پێشو تێبینیکردنی جۆری توێژینەوە و ئامانج و ئەنجامەکانیان، ئەوە ڕون دەبێتەوە کە، زۆربەی توێژینەوەکان جەخت لە بونی پەیوەندییەکی بەهێز و ڕاستەوخۆ لە نێوان ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و دامەزراوە تەناهییەکاندا دەکەنەوە، بە شێوەیەك کە هیچ کامێکیان بەبێ ئەوی دیکە ناتوانێت پرۆسەی گەیاندنی پەیامە ڕاستەقینەکەی تەناهی بە وەرگر تەواو بکات.

## 1.3. دیاریکردنی چەمك و زاراوەکان:

**1.3.1. ڕەنگدانەوە:** مەبەست لێی ئەو ڕوبەرەیە کە لە وێبسایتەکان بۆ هەواڵی تەناهی تەرخانکراوە.

**1.3.2. هەواڵ:** ئەو زانیاریانەن کە لە بارەی ڕوداو یان هەر حاڵەتێکی تەناهی لە وێبسایتە کوردییەکان بڵاودەکرێنەوە.

**1.3.3. تەناهی:** ئەو بوارەیە کە پەیوەندیی بە ئاسایش و ئارامیی کۆمەڵگەوە هەیە و لە هەواڵەکاندا ڕەنگیداوەتەوە و مەبەست لێی (ئاسایش و سەقامگیری)یە و بە عەرەبی مانای (أمني) دەگەیەنێت.

**1.3.4. ماڵپەڕە کوردییەکان:** ئەو دەزگا میدیا کودرییانەن کە لە شێوەی ئەلیکترۆنی وەشانی خۆیان دەکەن.

## پاژی دوەم: ڕەنگدانەوەی هەواڵی تەناهی لە دەزگا میدیاییەکان:

## 2.1. پێناسەی زانایان بۆ چەمکەکانی توێژینەوەکە:

### 2.1.1. چەمك و پێناسەی هەواڵ:

صالح بەوە پێناسەی هەواڵ دەکات کە بریتییە لە ڕاپۆرتێك لەبارەی ڕوداوێك کە پێشتر لەلایەن خەڵکەوە نەزانراو بوە و پشت بە کۆکردنەوەی زانیاری ورد لە سەرچاوە دەبەستێت و دواتر لەلایەن هەواڵسازان و کەسانی پسپۆڕ لەبواری میدیا لەچوارچێوەیەکی ڕۆژنامەوانیدا دادەڕێژرێتەوە. (وتوت، 2004، 346)

لۆرد نورسکلیف بەوە پێناسەی هەواڵی کردوە، کە بریتییە لە "کاریگەربون و دەرچون لەوەی باوە.. بۆ نمونە کاتێك سەگێك گاز لە مرۆڤ بگرێت نابێتە هەواڵ، بەڵام ئەگەر مرۆڤێك گاز لە سەگ بگرێت، ئەوکات دەبێتە هەواڵ". (معوض، 1994، 29)

نیل ماکنێل کە وەك یاریدەدەری سەرنوسەری کاروباری دەرەوە لە ڕۆژنامەی نیۆیۆرك تایمز کاری کردوە، لەو باوەڕەدایە، هەواڵ "کۆکردنەوەی ڕاستییەکانە لەسەر ئەو ڕوداوە هەنوکەییانەی جێگەی گرنگیپێدانی خوێنەرن و دواتر لە ڕۆژنامەکان چاپ دەکرێن". (Neil، 1955، 112)

**شیرین تەقاتقە دەڵێت: هەواڵ "ژانرێکی ڕۆژنامەوانیی سەربەخۆیە، زانیاری و وردەکاری نوێ لەبارەی ڕوداوێك دەگوازێتەوە، کە بەلای کۆمەڵگەوە گرنگ بێت".** (طقاطقة، 2016)

**2.1.2. پێناسەی تەناهی:** بریتییە لە: "هەستکردنی مرۆڤ بە نەبونی ترس لە ڕوبەڕوبونەوەی بۆ زیان و بونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئابوری لەو ناوەندەی تێیدا دەژیت، کە تێیدا تاکەکان دەرفەتی باشیان دەبێت بۆ گەشەسەندن و بەرەوپێشچون و دەستەبەربونی هەرچی پێویستە بۆ ژیانێکی باش و خۆشگوزەران". (الشهراني، 2006، 59)

**2.1.3. ماڵپەڕی هەواڵ:** بریتین لە ماڵپەڕگەلێکی تایبەتمەند بۆ بڵاوکردنەوەی ژمارەیەکی زۆری هەواڵ بەشێوەی ئەلیکترۆنی، ئەو پێگانەش پێویستیان بە بونی تیمێکی کارکردنی چالاك هەیە، کار بۆ پێشکەشکردنی هەواڵی هەنوکەیی و ڕوداوە سەرەکییەکان و لێکەوتەکانی دەکەن. (بیوضة، 2016، 229)

## 2.2. میدیا و میدیای تایبەتمەند

میدیا لەڕوی زمانەوانییەوە: ڕامانی زاراوەی ڕاگەیاندن واتا پێڕاگەیاندن، گەیاندنی زانیاری بە کەسێك یان کۆمەڵە کەسێك، بەخشینی زانیارییە نەزانراوەکان. (أبوبکر، 2004، 63)

پرۆسەی پەیوەندیکردن و ڕاگەیاندن بە بڕبڕەی پشت و شادەماری کۆمەڵگە دادەنرێت و ناتوانرێت ژیان بەبێ ئەو بەردەوام بکرێت، چونکە پەیوەندیکردن و ڕاگەیاندن ڕۆڵی یەکگرتویی، تەواوکاری و بەیەکەوە بەستنی تاك و کۆمەڵ دەبینێت. (عبدالمنعم، 1997، 20)

لەکاتێکدا میدیا و پەیوەندیکردن بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و ڕاستییەکی مێژویی دادەنرێت، هەروەها پێویستییەکی گەشەپێدان، سیاسی، ڕۆشنبیری، ئایینی و تەناهیشە. (عبدالمنعم، التغیر والتنمیة فی المجتمع العربی، 1985، 25)

مامەڵەکردن لەگەڵ ئامرازە میدیاییەکان بوەتە پێویستییەکی حەتمیی ژیانی ڕۆژانە، بەشێوەیەك کە زیادەڕۆیی تێدا نییە ئەگەر بگوترێت پێویستییەکی سەرەکییە و هیچ لە پێویستی مرۆڤ بۆ ئاو، هەوا و زۆربون کەمتر نییە... ئەمەش بەهۆی ئەو بەرەوپێشچونە گەورەیەی لە ئامرازەکانی میدیا و جۆرایەتی ئەو ئامرازانە هاتوەتە ئاراوە. (حسن، 2011، 5)

هەرچی میدیای تایبەتمەندە، بریتییە لەو ڕاگەیاندنەی لە چوارچێوەی بوارێکی دیاریکراوی ژیاندا کاردەکات (سیاسی، ڕۆشنبیر، ئابوری، زانستی، تەناهی، وەرزشی... هتد). (أدیب، 1999، 70)

ئەرکی سەرەکی میدیای تایبەتمەند گرنگیدانە بە بوارێکی دیاریکراو و تایبەتمەندی ژیان، لە ڕێگەی ڕۆماڵی ڕێکخراو و پلان بۆدارێژراو بۆ ڕوداو و گۆڕانکارییەکان لەو بوارە. (الجدید، 2019، 10)

## 2.3. پەیوەندی نێوان میدیا و تەناهی:

میدیا بە ئامرازێکی کارا لە ئامرازەکانی تەناهی دادەنرێت بۆ دروستکردنی ئەڵقەی پەیوەندیکردن لەگەڵ جەماوەر، بۆیە بە یەکێکیش لە ئەرکە گرنگەکانی دەزگای تەناهیش دادەنرێت بۆ هۆشیارکردنەوەی جەماوەر لە ڕێگەی چالاکی و کارامەییەکانی لە پەیامە تەناهییەکەیدا و نیشاندانی مەترسییەکان و چۆنیەتی خۆپارێزی لێیان. (میرزا ب.، الإعلام الأمني بین النظریة والتطبیق، 2006، 15)

ڕۆڵی کارای دەزگا میدیایی و پەیوەندییەکان بۆ بنیاتنانی ئاراستەی تاکەکان، لە میانەی توانا بەرزەکانیان لە ئاراستەکردنی بیرۆکەی مرۆڤ و هەست و ڕەفتارەکەیدا دەردەکەوێت. (عبدالرحمن، 2005، 132)

کاریگەری نێوان میدیا و تەناهی کاریگەرییەکی ئاڵوگۆڕکراوە، وەك چۆن میدیا کاریگەری ئەرێنی و نەرێنیی هەیە، بە هەمان شێوە ئەگەر تەناهی بۆ کەسی میدیاکار هەبو یانیش نەبو، ئەوا کاریگەری ئەرێنی و نەرێنیی لەسەر دۆخەکان دەبێت. (الدعیج، 1982، 249)

هەر لەسەر ئەو بنەمایەش، پەیوەندیی نێوان میدیا و تەناهی پەیوەندیەکی تەواوکارییە، پێویستی بە هاوکاری نێوانیان هەیە، نەك ڕوبەڕوبونەوەی یەکتر. (الدلو، 2011، 14)

## 2.4. ماهیەتی میدیای تەناهی:

میدیای تەناهی یەکێکە لەو چەمکە هاوچەرخانەی لە سەرهەڵدان و بڵاوبونەوە تازەیە، بریتییە لە گوزارشتێکی تەناهی کە پەیوەندی بە سیاسەت و ستراتیژییەتی هەر وڵاتێکەوە هەیە و بەشداری لە خزمەتکردنی ئاسایشی کۆمەڵگە و سەقامگیرییەکەیدا دەکات، گرنگی بە لایەنی هزری و ڕۆشنبیری نەتەوەکان دەدات. (العسکر، 2007)

مێژوی بەکارهێنانی دەستەواژەی میدیای تەناهی بۆ ساڵی 1980 دەگەڕێتەوە، کاتێك عەلی بن فایز الجحنی ئەو دەستەواژەیەی لە ماستەرنامەکەیدا بەناوی (الإعلام الأمني) بەکاریهێنا. (العسيري، 2000، 23)

توێژەران ژمارەیەك پێناسەی جیاوازیان بۆ چەمکی ڕاگەیاندنی تەناهی داناوە، ئەوەش لەسەر بنەمای ئەو گۆشە نیگا و لایەنەی کە هەر یەکێك لە توێژەران لەرێگەیەوە لەو چەمکەیان کۆڵیوەتەوە، بۆ نمونە یەکێك لە توێژینەوەکان بەوە پێناسەی چەمکی ڕاگەیاندنی تەناهی دەکات، کە بریتییە لە: "لقێك لە لقەکانی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند، کە ئامانجی هەواڵدانە بە جەماوەر لەبارەی بابەتە تەناهییەکان و ئەو کارە لەلایەن پیاوانی تەناهییەوە ئەنجام دەدرێت". (مسعودي، 2016، 16)

میدیای تەناهی یەکێکە لە دەستەواژە هاوچەرخەکان، کە ماوەی چەند ساڵێکە دەرکەوتوە، ئاماژەیە بۆ ناوەڕۆکی میدیایی پەیوەندیدار بە ئاسایش و سەقامگیری، کە پەیوەندیی بە سیاسەت و ستراتیژییەتی هەر وڵاتێکەوە هەیە. (الحقباني، 2006، 16)

بەشێك لە زانایان لەو باوەڕەدان مەبەست لە میدیای تەناهی هەمو ئەو ناوەڕۆکانەیە کە لە دەزگا تەناهییەکانەوە دەردەچن، جا لەشێوەی بڵاوکراوە، بەرنامە بن یان هەمو ئەو چالاکیانەی لایەنە تەناهییەکان ئەنجامی دەدەن، کە هاوکار دەبن لە کەمکردنەوەی ڕێژەی تاوان لەناو کۆمەڵگە. (د. محمود عزت اللحام، 2015، 78)

میدیای تەناهی کۆمەڵێك ڕەگەزی تەواوکار و پلانبۆدارێژراوە و شتێکی هەڕەمەکی نییە، بەشێوەیەك کە ئامانجی بەدەستهێنانی هاوسەنگی کۆمەڵایەتییە لە ڕێگەی پارێزگاریکردن لە تەناهی تاك و سەلامەتی کۆمەڵ. (أحمد ع.، 2018، 17)

ڕاگەیاندنی تەناهی کار لەسەر چاوکراوەیی تاکەکان و کۆمەڵەکان لەبارەی هزری توندڕەوی و ئاشکراکردنی شێوازە تاوانکارییەکانی دەکات و ئەوانەش ڕوبەڕوی دادگا دەکاتەوە، کە لە بەها و بنەما و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان دەردەچن و ئامانجی کۆمەڵە چەکدارەکان و لایەنە تاوانبارەکان ڕون دەکاتەوە. (المشاقبة، 2012، 187)

## 2.5. گرنگی میدیای تەناهی

پەیامی ڕاگەیاندنی تەناهیی ئاراستەکراو بە شێوەیەکی زانستیانە کاریگەری لەسەر ڕای گشتی دەکات و بەشداری لە پێکهێنانی ئاراستەی تەناهی تایبەت بە سیاسەتی دەزگا تەناهییەکاندا دەکات، ئەمەش لەرێگەی پێدانی زانیاری، بیرۆکە تەناهییەکان بە هاووڵاتییان، بۆ ئەوەی ڕۆڵی خۆیان لە ڕوبەڕوبونەوەی تاواندا ببینن، دواتریش تاکەکان لەگەڵ دەزگا تەناهییەکان لەو ڕۆڵەدا بەشدار بن. (صديق، 2004، 5)

گرنگیی ڕۆڵی پیاوانی تەناهی لەو کاتەدا زیاتر دەردەکەوێت، کە پشتگوێخستنی مەترسییە تەناهییەکان لای جەماوەر زیاتر بێت، ئەوکاتیش دەزگا تەناهییەکان بە پشتبەستن بە دەزگای میدیایی دەست بە هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی جەماوەر دەکەن، بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی دۆخە تەناهییەکە بکەن. (الحوشان، 2005، 16)

## 2.6. ئامانجی میدیای تەناهی:

میدیای تەناهی خاوەنی فەلسەفە و مەبەستی تایبەت بەخۆیەتی، کە زۆرترین کارامەیی و کاریگەرییەکانی لەو بابەتانەدان، کە لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەبارەی ئەو چالاکیانە بڵاودەکرێنەوە کە خاوەن ڕەهەندێکی تەناهین و بە هاوسەنگی لەڕێگەی میدیاوە دەخرێنە بەردەم جەماوەر، بە ئامانجی هۆشیارکردنەوەیەکی زیاتری خەڵك لەبارەی پرسە تەناهییەکان. ئامانجی میدیای تەناهی بڵاوکردنەوەی هەستی دڵنەواییە لە دەرونی تاکەکانی کۆمەڵگە و سیستەمە کۆمەڵایەتییەکەی و بەها ڕۆحییەکانی، ئەویش لە میانەی بەشداریکردن لە پارێزگاریکردن لە قەوارەی کۆمەڵ و تەناهییەکەی، بەشێوەیەك کە ئامانجەکانی خۆپارێزی و هۆشیاری کۆمەڵایەتی لەپێشینەی ئەو مەبەستانەیە. (ناجي، 2016، 104)

## 2.7. تایبەتمەندییەکانی میدیای تەناهی:

میدیای تەناهی کۆمەڵێك تایبەتمەندیی هەیە، ئەوانیش: (خضور، 2005، 6-10)

**1- بواری تەناهی:** بەرەوپێشچونی کۆمەڵایەتی، ئابوری، سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان دەگرێتەوە لە وڵاتی هاوچەرخ.

**2- بابەتی تەناهی:** ناوەڕۆکی ئەو ژانرە میدیاییەیە کە ڕەهەندی تەناهیی هەیە.

**3- ڕوداوی تەناهی:** جوڵەیەکی لەناکاو و بەرەوپێشچونێکی سەرسوڕهێنەرە.

**4. دیاردەی تەناهی:** گۆڕانکاری و ئاڵۆزی ژیانی تەناهی و بەناویەکداچونی بەرژەوەندییەکان و فرەهێزی و بونی چەندین جۆر لایەنی بەرپرس لە دەستەبەرکردنی تەناهی و ئاوێتەبونی چەمکی تەناهی لەگەڵ زۆرێك لە چەمکەکانی کۆمەڵایەتی، ئابوری و ڕۆشنبیری.

**5. ئامرازی ڕاگەیاندنی تەناهی**: تایبەتمەندییەکانی "بابەت" و "ڕوداو" و "دیاردە"ی تەناهی لە ئامرازی ڕاگەیاندنی تەناهیدا ڕەنگدەداتەوە. (خضور، 2005، 45)

**6. سەرچاوەکانی میدیای تەناهی:** ئەو لایەنانەن کە زانیاری لەبارەی ڕوداوی تەناهی بە دەزگای میدیایی دەدات. (الفالح، 2005، 38)

**7. جەماوەری میدیای تەناهی:** ئەو جەماوەرەیە کە پەیامی تەناهیی ئاراستە دەکرێت و پێی دەگوترێت وەرگر.

**8. کادیری میدیای تەناهی:** ئەو ڕۆژنامەنوسەیە کە زانیارییەکان لەبواری ڕوداوی تەناهی کۆدەکاتەوە و لە شێوەی هەواڵ دادەڕێژێت و پەخشی دەکات، وەك هەواڵساز و پەیامنێر. (خضور، 2005، 6-10)

## 2.8. سیماکانی ڕاگەیاندنی تەناهی:

سیماکانی ڕاگەیاندنی تەناهی لەڕوی بابەتی، ڕوداوی تەناهی، ئەرك و ئامانج و جەماوەرەوە بەسەر چوار جۆری جیاوازدا دابەش دەبن، ئەوانیش:

### یەکەم: سیماکانی ڕاگەیاندنی تەناهی لەڕوی بابەتییەوە:

ڕاگەیاندنی تەناهی کۆمەڵێك سیمای تایبەت بە بواری خۆی هەیە، ئەوانیش: (کافي، 2015، 97-98-99)

1- بابەتی تەناهی فراوان و گشتگیرە، بەڵام هەستیار و ورد و مەترسیدارە.

3- ئاراستەکراوە، بەڵام هەڵوێستەکەی زانراوە.

### دوەم: سیماکانی ڕاگەیاندنی تەناهی لەڕوی ڕوداوەوە:

لێرەدا مەبەست لە ڕوداوی تەناهییە و سیماکانی لەمانەی خوارەوە پێکهاتون:

1- ڕوداوی تەناهی ڕوداوێکی جەماوەرییە و پێویستە زانیاری ورد لەبارەیەوە پێشکەش بکرێن.

2- کتوپڕ و پێشبینی نەکراوە، بەڵام گۆڕانکار بەسەردا دێت، چونکە فرە ڕەهەندە و دەستوەردانی تێدا دەکرێت.

3- ڕوداوێکی نوێ و فراوانە و تەنیا ئەو بەشەی ڕوداوەکە دەبینرێت کە دەردەکەوێت و گوزارشتە لە ساتێکی دیاریکراو.

**سێیەم: سیماکانی ڕاگەیاندنی تەناهی لەڕوی ئەرك و ئامانجەوە:**

1- ئامانجی ئامرازەکە لە بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆکی تەناهی، پەیوەندیی بە کەسایەتییەکان وئاراستەکانی ئەو ئامرازەوە هەیە. (کافی، 2015، 97-98-99)

2- ئامرازە جددییەکان تاوانەکان بە جەماوەر دەناسێنن و لە مەترسییەکان هۆشیاریان دەکەنەوە و هۆکارەکان و ڕێگەکانی چارەسەری دەخەنەڕو.

3- خێرایی لە بڵاوکردنەوە و گەیاندنی بە زۆرترین ژمارەی جەماوەر.

4- گرنگی بە لایەنە کاریگەرەکانی ڕوداوە تەناهییەکە دەدەن لەڕوی (کەسەکان، چۆنیەتی ڕودان و کاتی ڕوداوەکە).

**چوارەم: سیماکانی ڕاگەیاندنی تەناهی لەڕوی جەماوەرەوە:**

1- جەماوەری ناوەڕۆکی تەناهی بەگوێرەی گرنگیدانیان بە ڕوداوە تەناهییەکان جۆراوجۆرن، ئەمەش بەوەی کە: (جەماوەری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەسەر چەند جۆری دیمۆگرافیدا دابەش دەبێت).

2- پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان هەوڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ تێرکردنی پێویستی جەماوەر و ئاراستە و کەسایەتی ئەو ئامرازەدا هەیە.

3- ئامرازە جددییەکان ڕوداوە تەناهییەکان بەشێوەیەك دەخەنەڕو، کە پەیامە میدیاییەکە پێویستییە ڕەواکانی جەماوەر تێر دەکات.

4- ئامرازە میللییەکان تەنیا بە تێرکردنی پێویستی جەماوەر دەستەوەستان نابێت، بەڵکو هەوڵ بۆ هێنانەئارای چەند پێداویستی وەهمی نوێش دەدات. (کافی، 2015، 97-98-99)

## 2.9. سیماکانی میدیای تەناهیی سەرکەوتو:

بۆ ئەوەی میدیای تەناهی سەرکەوتو بێت و ڕۆڵێکی کارا بگێڕێت، پێویستە ئەم سیمایانەی خوارەوە لەخۆبگرێت: (محمد، 2011، 33)

1. خێرایی لە دەستپێشخەری
2. گرنگیدان بە ئێستا زیاتر لە ڕابردو
3. بابەتیبون و واقعیەت و گشتیبون، لە هەمان کاتدا سادەیی و دورکەوتنەوە لە دەستەواژەی تەمومژاوی.

## 2.10. ئامرازەکانی پەیوەندیکردن لە میدیا تەناهیدا:

میدیای تەناهی بۆ گەیاندنی پەیامەکەی پشت بە میدیای گشتی دەبەستێت و بەشێکی دانەبڕاوە لەو میدیایە و هەمان ئامرازەکانی ڕۆژنامە، ڕادیۆ، تەلەڤزیۆن، ئینتەرنێت، سینەما و شانۆ بەکاردەهێنێت و لەبەر ئەوەی میدیای تەناهی ئامانج و مەبەستێکی هەیە و هەوڵی پێکاندنی دەدات، بۆیە پێویستە سودی تەواو لەو ئامرازانە وەربگیرێت و بەکاربهێنرێن و بە باشی سودیان لێ وەربگیرێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجی خوازراو، ئەوانیش:

**1. ڕۆژنامە:** مەبەست لە میدیای خوێنراوە و یارمەتیدەرە لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری تەناهی هەروەك دەتوانێت بابەتی جددی و ئاڵۆز پێشکەش بکات و بەشێوەیەکی قوڵ، شرۆڤەی ورد و تەواو دەخاتەڕو. ڕۆژنامە بە کۆنترین و گرنگترین جۆری ئامرازی میدیای جەماوەری و دادەنرێت و تا ئێستاش کاریگەرییەکی زۆری لەسەر تاکەکان هەیە. (عصمت عدلي، 2009، 43)

**2. ڕادیۆ:** لە بەربڵاوترین جۆرەکانی دیکەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دادەنرێت، بەوەی کە هیچ پێویست بە زانینی خوێندنەوە نوسین ناکات و ڕادیۆ بە تایبەتمەندییەکانی خێرایی، کاریگەری، وێناکردن، نزیکی لە دەستی سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە جیادەکرێتەوە. (أمام، 1975، 310)

**3. تەلەڤزیۆن:** ئەو ئامرازەیە کە توانیویەتی تا ئاستێکی بەرز سەرنجی وەرگر بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و ڕۆژانە چەندین کاتژمێر لە کاتی خۆیان بۆ سەیرکردنی شاشەکەی تەرخان بکەن، ئەمەش توانایەکی سەرەکییە بۆ متمانەهێنانێکی دەگمەن، کە لە میدیاکانی دیکەدا نییە. (بومدين، 2020، 88)

4. **سینەما و شانۆ:** یەکێك لە فەیلەسوفەکان دەڵێت: (شانۆیەك و نانێك بدە بەمن من گەل پێشکەش بەتۆ دەکەم)، ئەو فەیلەسوفە ئەگەر تا ئەمڕۆ لە ژیاندابا لە بری شانۆ داوای فیلمێکی سینەمائیی دەکرد، چونکە لەم ڕۆژگارەدا فیلم یەکەم ئامرازی کاریگەرە لەسەر ژیانی جەماوەر، کە پێشتر هاوتای لە ژیانی مرۆڤدا نەبوە. (أحمد غ.، 1999، 284)

5. **ئینتەرنێت:** سەرهەڵدانی ئینتەرنێت وەرچەرخانێکی جەوهەریی لە سروشتی پەیوەندیکردنی مرۆڤایەتیی جەماوەریی هێناوەتە ئاراوە و بوەتە هۆی پێداچونەوەیەکی گشتگیر بۆ توێژینەوەکانی پەیوەندیی جەماوەری بە گشتی و کاریگەری کۆمەڵایەتی بە تایبەت، بۆ ئەوەی بتوانێت لەئاست هەمو خواستەکانی ئەو گۆڕانکارییە هاوچەرخەکاندا بێت. (حماة، 2002، 311)

زۆربەی توێژەران لەو باوەڕەدان، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە نێوان تاکەکان بەهۆی ئینتەرنێت و مۆبایلەوە شێوازێکی جیاوازتری لە پێشان وەرگرتوە. (Taylor، 2003، 196)

ئینتەرنێت بوەتە هۆی ئەوەی زۆرێك لە دەزگا تەناهییەکان خزمەتگوزارییەکانیان لە چوارچێوەی پلانی میدیاییدا دابڕێژن بۆ گەیشتن بە جەماوەری ئامانجکراو. (الأبشيهي، 2009، 799)

## 2.11. سیاسەتی میدیایی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی تەناهی:

زۆربەی ئیدارە میدیاییە تەناهییەکان لە بڵاوکردنەوەی هەواڵە تەناهییەکانیان پەیڕەوی سیاسەتێکی دیاریکراو دەکەن، وەك ئەمەی خوارەوە: (الحوشان، 2005، 20-22)

1. پێویستە لێدوانی بەرپرسان و ئەوانەی دەسەڵاتی لێدوانیان بۆ پرسە تەناهییەکان هەیە، بەشێوەیەك بێت کە کاریگەری لەسەر ڕای گشتی هەبێت و پلانی نهێنیی پرۆسە ئەمنییەکان ئاشکرا نەکەن.

2. لە زۆربەی تاوانەکاندا بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیارییەکان مەرجی خۆی هەیە، بەتایبەت لەو پرسانەی هێشتا لێکۆڵینەوەکانیان کۆتایی نەهاتوە.

3. ئەو پرسانەی کاریگەرییان لەسەر ڕای گشتی هەیە، وەك دەنگۆکان و تاوانەکانی کوشتن، وەڵامدانەوەیان و ڕونکردنەوەیان بۆ جەماوەر بە قۆناغی جیاواز دەبێت.

4. بڵاوکردنەوەی پرسە پەیوەندیدارەکان بە ڕوداوەکانی پەیوەست بە سەلامەتی گشتی لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان بەشێوەیەکی ڕۆژانە دەبێت.

5. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاری وەرزی.

6. ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوە بڵاوناکرێنەوە، تەنها بە هەماهەنگیی نێوان ئیدارەی پەیوەندییە گشتییەکان و میدیا نەبێت.

7. پێدانی دەرفەت بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بۆ ئەوەی ڕەخنە لە کاریی دەزگا تەناهییەکان بگرن و دەزگا تەناهییەکانیش وەڵامی گونجاو بدەنەوە.

8. وریایی لەوەی لەکاتی بڵاوکردنەوەی هەندێك پرس، هیچ کاردانەوەیەکی پێچەوانە و نەرێنیی نەبێت.

## 2.13. پێوەرەکانی بڵاوکردنەوەی بابەتە تەناهییەکان:

لێرەدا ژمارەیەك پێوەر هەن، کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی میدیای تەناهیدا پەیرەوی دەکەن، ئەوانیش: (الحوشان، 2005، 30)

1. ڕاستگۆیی و بابەتیبون واقعیەت لە سەرچاوەکانی بابەتەکە.
2. گرنگیی و ئاستی مەترسیداری بابەتە تەناهییەکە و پەیوەستبونی بە هاووڵاتیانەوە.
3. لێدوانی سەرچاوەی بەرپرسی تەناهی و ئاشکرانەکردنی ناوە ڕاستەقینەکان.
4. دورکەوتنەوە لە ناوزڕاندن و ئەو پرسانەی هەستیارن و بڵاونەکردنەوەی بابەتە کەسییەکان.
5. سیستەمە سیاسییەکان، سەرپێچیکار و ڕوداوەکان ڕۆماڵ ناکرێن، تەنها بە وەرگرتنی مۆڵەت نەبێت. (بلواضح حمزة، 2022، 75)

## 2.14. ڕێکاری وریایی لە بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی میدیای تەناهی:

دەزگا تەناهییەکان لە بڵاوکردنەوەی بابەتە تەناهییەکان پێویستە پابەندی ژمارەیەك ڕێکار و ڕێوشوێنی تایبەت بن، گرنگترین ئەو ڕێکار و ڕێوشوێنانەش: (الحوشان، 2005، 33)

1- زیان نەگەیاندن بە بەرژەوەندی گشتی و دڵنیابونەوە لە ڕاستی و دروستی زانیارییەکان.

2- دورکەوتنەوە لە پرسە کەسایەتییەکان و بەلاوەنانی ئەو زانیارییانەی دەبنە هەڕەشە لەسەر تەناهی و سەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی.

3- دورکەوتنەوە لە وروژاندنی بیری توندڕەوی هۆزایەتی، تایفەگەری و ئایینی و گرنگیدان بە زانیارییە بەهێزەکان لەبارەی پرسە تەناهییەکان.

4- وریایی لە مەترسی و هەستیاری بابەتەکە لەسەر تەناهی نەتەوەیی و دورکەوتنەوە لە یەکنەگرتنەوەی بابەتەکە لەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵگە و پەنانەبردن بۆ ناوزڕاندن بەرامبەر بە تاکەکانی کۆمەڵگە.

5- ئەو پرسانەی پەیوەندییان بە لایەنە تەناهییە باڵاکانەوە هەیە، کە کاریگەرییان لەسەر سەقامگیری وڵات و پاراستنی نهێنیی زانیارییە تەناهییەکانەوە هەیە و گومانکردن لە پرسە نەتەوەییەکان.

هەندێك پرەنسیپ و بەرپرسیارێتی خودی هەن بەرامبەر بە پرسە تەناهییەکان، کە پێویستە لە ئامرازەکانی میدیا بەهەند وەربگیرێن، ئەوانیش:

1- ڕ**ەهەندی ئایینی:** پابەندبونی تەواو بە بیروباوەڕە ئایینییەکان و ڕێزگرتن لە پەیوەندی نێوان ئایینەکان.

2- ڕ**ەهەندی کۆمەڵایەتی:** هەمو ئەو بابەتانە ڕەت دەکاتەوە، کە زیان بە داب و نەریتە باوەکان دەگەیەنێت.

3- ڕ**ەهەندی سیاسی:** هاوتەریب لەگەڵ هێڵی سیاسی گشتیی دەوڵەت هەڵدەکات و نابێت بەهیچ شێوەیەك دەست بۆ ئەو بابەتانە ببرێت، کە زیان بە سیاسەتی گشتیی دەوڵەت دەگەیەنن.

4- ڕ**ەهەندی تەناهی:** ڕێگری لە هەمو ئەوە دەکات کە زیان بە تەناهی کۆمەڵگە دەگەیەنێت یانیش گیانی دوبەرەکی لەنێوان تاکەکاندا بڵاودەکاتەوە. (عمار، 2020، 115)

## 2.15. میکنیزمەکانی بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە بواری تەناهی:

**1- ناساندنی ڕۆڵی دەزگای تەناهی:** چالاکییەکانی کارمەندانی تەناهی و هەمو ئەو ئەرکانە تێیدا ڕەنگ دەداتەوە، کە لەپێناو چەسپاندنی تەناهی بۆ کۆمەڵگەکەیان ئەنجامی دەدەن. (مسعودي، 2016، 120؛ Hoff، 1973)

**2- تەناهی تاوانکاری و ڕوبەڕوبونەوەی تاوان:** پارێزگاریکردن لە کۆمەڵگە لە هەمو ڕەفتارە نابەجێیەکان و ئەوانەی بە تاوان دەزانرێن و لەڕوی یاساییەوە سزایان بۆ دیاریکراوە.

**3: تەناهی ئابوری:** کار لەسەر سەقامگیرکردنی دامەزراوە ئابورییەکان و ناوەندەکانی مامەڵە داراییەکان سەرمایە دەکات و ڕوبەڕوی تاوانە ئابورییەکان، فێڵکردن، ساختەکردن و گزی بازرگانی.. هتد دەبێتەوە.

**4- تەناهی سیاسی:** کار بۆ سەقامگیرکردنی ڕێڕەوی ژیانی سیاسی لە کۆمەڵگە دەکات، گرنگترین بوارەکانی تەناهی سیاسیش بریتین لە: تەناهی کۆمەڵگە، تەناهی هەرێم و تەناهی دەسەڵات (مهدي، 2021).

**5- تەناهی کۆمەڵایەتی:** مەبەست لێی ڕوبەڕوبونەوەی ئەو هۆکارانەیە کە دەبنە هۆی بەلاڕێداچون و لەیاسا دەرچون بەرەو ئەنجامدانی تاوان لە کۆمەڵگە.

**6- میدیای قەیرانەکان:** بەرەنگاربونەوەی هەمو ڕوداو، قەیران و کارەساتە مەترسیدارەکان لەخۆدەگرێت.

**7- تەناهی هاتوچۆ:** ناساندنی هۆکارەکانی ڕوداوەکانی هاتوچۆ و هۆشیاری بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ڕوداوەکانی ڕێگاوبان لەخۆ دەگرێت.

**8- تەناهی هزری:** هەستکردن بە ئینتیما بۆ ڕۆشنبیری گەل و بەهاکانی و پارێزگاریکردنی عەقڵی مرۆڤ و بیروڕایەکەی لە چوارچێوەی بنەما سەرەکیەکان و مەبەستە ئامانجدارەکان و مافە ڕەواکاندا.

**9- تەناهی ژینگەیی:** کارکردن لەسەر هۆشیاری ژینگەیی گیانی ماددی و مەعنەوی بە هەمو پێوەرەکانی سەرکەوتن بەرز دەکاتەوە.

**11- تەناهی تەندروستی و خۆراك:** ئاراستەکردن بەرەو گرنگیدان بە دەرمان و خۆراك و پێوەرەکانی کوالیتی و تایبەتمەندییەکانی.

## 2.16. ڕۆڵی میدیا لە پاڵپشتیکردنی ئەرکی هێزە تەناهییەکان لە ڕوبەڕوبونەوەی تاوان:

ئێستا پێویستی هێزە تەناهییەکان بە پشتیوانی میدیا لە ڕوبەڕوبونەوەی تاوانەکان لە هەر کاتێك زیاترە، بەوەی کە تاوان لە بنەڕەتدا دەرچونە لە داب و نەریت و بەها ئاینی و ئەخلاقییەکانە، واتا ڕەفتاری تاوانکاری ئاراستەکەی پێچەوانەی بنەما و ڕێسا یاسایی و ئەخلاقییەکانە، بۆیە میدیا دەتوانێت ڕۆڵێکی ئەرێنی لە بڵاوکردنەوەی مەترسییەکانی بابەتی تەناهی پاڵپشتی لە دەزگا تەناهییەکان بکات. (إبراهيم، 2008، 34)

## 2.17. کۆسپەکانی بەردەم ڕاگەیاندنی تەناهی:

میدیای تەناهیش وەك هەر جۆرێکی دیکەی میدیای تایبەتمەند لە کۆسپ لەمپەر بەدەر نییە و لەکاتی ڕاییکردنی کارەکانی ڕوبەڕوی چەندین کێشە دەبێتەوە، کە دەکریت لەمانەی خوارەوەدا کۆرتکرێنەوە: (الدغمان، 2016)

**یەکەم:** ئەو کیشانەی لەکاتی سەرەتای ڕوداوەکان دروست دەبن.

**دوەم:** لە هەندێك دۆخی تایبەتدا کێشەی وا دروست دەبن، کە کۆت و بەند دەخرێنە بەردەم ئازادییەکان.

**سێیەم:** هەندێك کێشەی دیکە هەن لە زۆربەی وڵاتان ڕوبەڕوی دەزگا تەناهییەکان دەبنەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی جۆری پەیوەندیی نێوان هاووڵاتیی ئاسایی و دەزگا تەناهییەکان. (الدغمان، 2016)

## 2.18. ڕەگەزەکانی دانانی پلانی میدیایی بۆ ڕوداوە تەناهییەکان:

لەکاتی هەر ڕوداوێکی هەنوکەییدا، لەوانەیە هیچ پلانێکی پێشوەختە لەبەردەست نەبوبێت بۆ ئەوەی لەکاتی ڕوداوەکە جێبەجێ بکرێت، چونکە ڕوداوەکە پێشبینی نەکراو بوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت ڕەگەزەکانی پلانی میدیایی لەمانەی خوارەوەدا دیاری بکرێن: (شعبان، 2013)

1- دیاریکردنی جۆری کێشەکە و ڕەهەندەکانی.

2- دیاریکردنی ئامانجەکانی پلانی میدیایی.

3- دیاریکردنی جەماوەری ئامانجکراو.

4- دیاریکردنی توانا ماددی و مرۆییەکان.

5- ئامادەکردنی پەیامە میدیاییەکە. (شعبان، 2013)

## پاژی سێیەم: لایەنی مەیدانی

### ناخشیکاری بۆ هەواڵە تەناهییەکان لە هەردو ماڵپەڕی کوردستان24 و NRT

خشتەی ژمارە (3.1)

ژمارە و ڕێژەی هەواڵی تەناهی و بەراوردی نێوان هەردو ماڵپەڕی کوردستان24 و NRT دەردەخات

| پێگەی ئەلیکترۆنی / ڕستە | ژمارە و ڕێژەی هەواڵی تەناهی | | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| | دوبارە | % | |
| کوردستان24 | 423 | %54.3 | یەکەم |
| ماڵپەڕی NRT | 356 | %45.7 | دوەم |
| کۆی گشتی | 779 | %100 | |
| جیاوازی ژمارە و ڕێژەی نێوان هەردو ماڵپەڕەکان لە هەواڵی تەناهی | 67 هەواڵ بە ڕێژەی %8.6 | | |

لە خشتەی سەرەوەدا دەردەکەوێت کە ماڵپەڕی کوردستان24 گرنگی زیاتر بە هەواڵی تەناهی دەدات و لەکۆی 779 هەواڵی هەردو ماڵپەڕەکان، 423 هەواڵی داناوە و ڕێژەکەشی بریتییە لە %54.3. لەکاتێکدا ماڵپەڕی NRT بە دانانی 356 هەواڵی تەناهی کەمتر گرنگی بەو جۆیە هەواڵانە دەدات و ڕێژەکەی بریتییە لە %45.7. جیاوازی نێوان دو ماڵپەڕەکەش 67 هەواڵە بەڕێژەی %8.6.

خشتەی ژمارە (3.2)

